شیعر



مەهدی زریان

# ئاشناترین پیاوی دۆزەخ

بەنێو باخچەی بێدەنگی وشەدا پیاسەم دەکرد
گەڵای سەوزی حەرفێکی خەواڵوو پێی وتم..
لە ناخدا غرورێک هەیە جوانتر لە مردن
لە هەستدا.. بروسکەیەک هەیە خێراتر لە ژیان!
لەوەتای هەی بەسەر باڵی تێکشکاوی تەمەنەوە
قامچییەک لە ئاگر و نەفرەت
ئەدەی بەسەرشانی هەوری چارەنووسدا
دڵۆپێک باران داناکا!
پێی وتم ئەی پیاو..
تۆ نوحێکی بێ موعجیزەی
لەسەردەمی نغرۆبوونی عیشق و
تۆفانی خیانەت!
تۆ "قەدیس"ێکی نامۆی بەژمارە باوەکانی مێژوو
کەسێک نییە لەم خەڵوەتگایە پوچەدا
پێناسەیەک بەئاینی تۆ ببەخشێ

تۆ بەزمانی "با" نوێژەکانت دەخوێنی و
بەڕەنگی ئاو ئایەتەکانت دەنووسی!!
تۆ لە زەمانێکەوە هاتووی بۆ ئێرە
بێدەنگیت پڕە لە داڕژانی ئەستێرە و تریفەی مانگ
هاوارت.. لە غوربەتی پەرش و بڵاوی ئەو پەڵەهەورانە دەچێ..
کە بەسەر دەستی شەپۆلە کاڵتەچییەکانی دەریاوە
دەتوێنەوە!
تۆ رەنگی لەبیرکراوی وەرزێکی
کە بەژانی ساڵێکی نەزۆکەوە مرد!
تۆ ئاتودەی بەبۆنی شێداری گوڵەگەنم و
هەناسە کاڵەکانی ژن!
ئەی پیاو..
لە بازاڕی کەساسی ئەم شارە وێرانەیەدا
کچێنی و پاکیزەیی هاوڕێبوون تاڵان فرۆش مەکە
توحفەکانی قوربانیدان و
نووسراوە کۆنەکانی موتمانە
لەم مۆزەخانە باوەڕپێنەکراوەدا
کڕیاریان بۆ پەیدا نابێ!
تۆ بەهەڵە هاتووی بۆ ئێرە
کە تۆ هاتی..
عیشق ژاوەژاوەکانی فەلسەفە و
نەزیفی بەردەوامی
بەڵێنە پایزییەکانی بەجێهێشت!
رەشەبا جەنگێکی بەرپا کرد بۆ هەمیشە
بەفر ئاڵای سپی هەڵکرد لە دۆڕان و پاڕانەوە!
ئاو بەو هەموو حیکمەتەوە
بەرامبەر بەڕەنگ گێل وەستا!

که تۆ هاتی..
له نێو لەپی خۆڵەمێشی ئاگرێکی کوژاوەدا
وشه ساردەکانی قەداسەت لێک ترازان
وشەکان وەکو پۆله باڵدارێکی ماندوو
له گەرووی جەنگاوەرە بێ ناونیشانەکانەوە
دەڕژانه نێو هەناسەی ئێوارەیەکەوە
که پڕبوو له غوباری نائومێدی.
وشەکان..
بەکچانی شاریان دەوت..
ئیدی له درزی دەرگا داخراوەکانی نەریتەوە
چاوەڕوانی چپه شرینەکانی خەیاڵ نەبن
حەقیقەت له خامی سپی قژی خۆتانا
گۆڕغەریبتان دەکا!
بەنێو باخچەی بێدەنگی وشەدا پیاسەم دەکرد
چڵی وشکی دەستەواژەیەک پێی وتم..
ئەی پیاو..
تۆ گەورەترین گوناه و بەتاڵترین حەقیقەتی
کراسێکم لەبەرکه له ڕەنگی نوور
سەفەرێکم پێ بکه بەرەو دورگەیەکی مەحاڵ
دوو باڵم پێ ببەخشه بمگەیەنێته ناخی  خودا
دەرمبێنه له نێو گێژاوەکانی وەهم خیانەت!!
ئەی پیاو..
تۆ له کاسەی تاریکی زەمەنێکەوە ڕژاوی
مەحاڵە لەعیشقی ئەو دڵۆپه شەونمانه حاڵی بی
که بەسەر گۆنای وجودەوە
چەند لەحزەیەک دەدرەوشێنەوە،
خەمی عیشقێک بەبێدەنگی روحت دەکوژێ

تۆش بەقاقا بەرزەكانت
گاڵتە بەچارەنووس دەكەیت!
لەژێر پێیەكانی تۆدا
باڵەكانی ئومێد دەشكێ و
مینای حەز وردوخاش دەبێ
تۆ هەمیشە..
دەست بۆ میوەی كاڵی ئەو وشانە دەبەی
كە خۆت دڵنیای پێ ناگەن!
تۆ لە مەفهومی تازەی هاوڕێبوون تێ ناگەی
چۆنێتی مەرجەكانی مرۆڤبوونت
بۆ ناخوێندرێتەوە
تۆ ناوێكت بۆ نامێنێتەوە پیرۆزتر لە مردن ئەی پیاو
هەوڵ بدە لەشیعرێكتدا..
عاشقێكی جوان بی بەپۆشاكی جەللادێكی یاخییەوە
خۆت بەخەونێكی ئەبەدی ببەخشە
تا بتگەیەنێتەوە بەیەقین!!